ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK




## کێ بەرپرسیارە؟!

جێگەی پرسیارە کە بۆچی بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لایەنە پەیوەندارەکان خۆیان لەو کێشانە دەدزنەوە کە راستەوخۆ پێوەندیان بەوانەوە هەیە.

حکومەتی هەرێم کە ناتوانێ کێشەی ئاو، کارەبا، سووتەمەنی بۆ خەڵک چارەسەر بکات، خۆ دەتوانێ کۆنترۆڵی بازاڕەکان بکات و نرخی گونجاو لەسەر کاڵاو کەل و پەلە هێنراوەکان دابنێ و لە دەروازەکانی سنووردا رێگەی هێنانی ئەو ماددانە نەدات کە ئێکساپەربوونە یان ماوەی کورتیان ماوە، کەچی فەرمانبەرانی خۆی وە کوچەو کۆڵان و بازاڕەکاندا بڵاو دەکاتەوەو بانگەشەی کۆنترۆڵی بازار دەکات!

هێزی پاسەوانی سنوور ئەرکی پاسەوانی سنوورەکانە، کەچی کاتێک تورک لەشکرکێشی دەکات، لە چاوەڕوانی دەمێنێتەوەو پارێزگاریکردن لە شارەکان دەکاتە ئامانجی خۆی!!

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ گلەیی لە بەرپرسانی حکومەتی بەغدادو دراوسێکان دەکات، لە چاوەڕوانی ئەمریکاو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەمێنێتەوە، بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان نەک هەر هەنگاو هەڵناهێنێتەوە، بەڵکو بەرپرسە ناوچەییەکان پشت ئەستوور دەکات تا سنووری فەرمانڕەوایەتی خۆیان بەر تەسک نەکەنەوە! بەوهۆیەشەوە چەمچەماڵ و کفری و کەلارو دەربەندیخان و ئاکرێ بۆ سەر پارێزگاکانی پێشوویان ناگێڕدرێنەوە.

حکومەتی هەرێم داوا لە حکومەتی بەغداد ناکات تا لەپێوەند بە کیمیاباران کردن و بە سووتماکردنی کوردستان داوای بووردن لە گەلی کوردستان بکات کە حکومەتی پێشووتر ئەنجامی داون. هەروەها کاربەدەستانی کوردستان دوای ئەوەی دەیان کۆمەک و هاوکاریان بەناوی قوربانیانی ژەهرباران و شەهیدکردنی شاری هەڵەبجە کۆکردەوەو هەنگاویشیان بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵنەهێنایەوە، کەچی چاوەڕوانن حکومەتی بەغداد بودجەیەکی تایبەتی بۆ هەڵەبجە تەرخان بکات و ئاوەدانی بکاتەوە.

زۆرینەی خەڵکی کوردستان پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان کردۆتە ئامانج، ئەگەر ریفراندۆمێکی ئازاد بەرێوەبچێ، لەوانەیە رێژەی ٩٩% دەنگ بۆ جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق دەدەن، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە خۆی بە نوێنەری خەڵک دەزانێ، باوەڕی بەو ئامانجە نیەو بۆی تێناکۆشێ. کاتێک نووسەران و لایەنە سەربەخۆخوازەکانیش هاوار دەکەن و خۆزگە بە مۆنتینیگرۆو کۆسۆڤۆ دەخوازن، ئەو سەرکردایەتیە بە خۆزگەیەکی کاڵفامانەی دادەنێ و زیاتر خۆی بە عێراق دەبەستێتەوە.

سەرکردایەتی کوردستان هەمیشە جەخت لە سەر هێزو توانای گەنج و لاوانی کوردستان دەکاتەوە، بەڵام ئامادەنیە تەمەنی خۆکاندیدکردن بێنێتە خوارەوە تا ئەوانیش دەرفەتی خۆپاڵاوتنیان هەبێ. ئەو سەرکردایەتیە نەک هەر توێژی لاوانی فەرامۆش کردووەو پێیان راناگات، بەڵکو رێگەی بە مێدیاکانی خۆی داوە تا هەندەران وەکو بەهەشتی خواستراو بناسێنن!! بەوهۆیەشەوە شالاوی کۆچکردن کۆتا نابێ و رۆژانە دەیان کارەساتی دڵتەزێن یەخەی سەرهەڵگرتووان دەگرێ.

مخابن هەستا ئێستا لایەنە پەیوەندارەکان خۆیان بەخاوەن ناکەن و مل بۆ ئەرکەکانی خۆیان نادەن و بەردەوام خۆیان دەدزنەوەو وەئەستۆی کەسانی دیکەیان دادەن.

لەپێوەند بەوانەی باسیان لێوە کرا، کێ بەرپرسیارەو کێ بوێری ئەوەی تێدا هەیە قامک لەسەر راستیەکان دابنێ و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێ؟!

**رێکار ئەحمەد**
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

## نانسی بەهاوکاری موعین بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆز دەکات



**نانسی** عەجرەم گۆرانیبێژی ناسراوی عەرەب ئامادەیی خۆی دەربڕیوە تا هاوکاری لەگەڵ موعین ئەسفەهانی گۆرانیبێژی ناسراوی ئێرانی دا بکات و بۆ یەکەمین جار بەشداری لە ئاهەنگێک دا بکات کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە دوبەی ساز دەکرێت.

ماڵپەڕی ئیلاف بڵاوی کردۆتەوە کە ٢٨-٣-٢٠٠٨ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگێک لە دوبەی ساز دەکرێ، نانسی عەجرەمی گۆرانیبێژی لوبنانی بەشداری دەکات و هاوکاری لەگەڵ موعین ئەسفهانی گۆرانیبێژ دا دەکات.

هەرچەندە ساڵانە رەوەندەی کورد و فارس و ئازەری لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگ و شایی دەگێڕن، هونەرمەندانی ناوداریش بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە نانسی عەجرەمی سەرنجڕاکێش لەو ئاهەنگانەدا بەشداری بکات.

جێگەی ئاماژەیە کە بۆ ئامادەبوون لەو ئاهەنگانەدا ئێرانیەکان بەرەو دوبەی دەڕۆن، پێشبینی ئەوەش دەکری کە ئەمساڵ زۆرترین ژمارەی ئێرانی سەردانی دوبەی بکەن، هەر لە ئێستاشەوە دەست بە فرۆشتنی بلیتی ئاهەنگەکان کراوە، بەڵام ژمارەیەک عەرەبی رەگەزپەرست نارەزایەتی خۆیان بۆ سازکردنی ئەو ئاهەنگانە پێشان داوە، سازکردنی ئاهەنگ بەبۆنەی جەژنی نەورۆز بە گاڵتەجاری دەزانن و هەندێک لەوان بە سوکایەتیەوە لەو جەژنە دەڕوانن و پێیانوایە کە ئەمە بە دژایەتیکردنی ئایینی ئیسلام تەواو دەبێ!

## چەند کورتیلە شیعری یاخی



**قاسم تاباک**

١

گەر نێوانی من و تۆ هەزار پەرژینی
تریش هەبێ
بۆ من
هەر کچەکەی گەڕەکی( شەهرەکی)* و
بە ڕووتی
دەتخوێنمەوە

٢

دوای سەفەری باران
لە بیرمە
بە قەرا توانەوەیەک
ژیام

٣

بێدەنگی کە پڕ دەبێ
هاواری لێدەرژێ
نازانم
دەڵێن خۆشەویستیش
شێعر

## بڵند گەریانێک لە نەورۆزدا بڵاو دەکاتەوە



**بڵند ئیبراهیم**، گۆرانیبێژی دەنگخۆش بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە نوێترین ئەلبومی خۆی پێشکەش بە عاشقانی دەنگی دەکات.

بڵند ئاشکرای کردووە کە کاری ئەلبومی گەریانەک کە دوایین بەرهەمی خۆیەتی تەواو بووەو بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دەیخاتە بازاڕەوە.

ئەلبومی **گەریانەک** چواردە تراکتی لەخۆی گرتووە، سێ لەوان بە زاراوەی کرمانجی خواروون. هەروەها وەک زانراوە کە کاری دەنگی ئەلبومی گەریانەک لە ستۆدیۆی شارەکانی ئاماد و ئیستانبۆل و دهۆک ئەنجام دراون.

بەگوێرەی زانیاریەکان زۆربەی ئاوازەکانی گۆرانیەکانی ئەم ئەلبومە لەلایەن خودی بڵند ئیبراهیمەوە دانراون و ئاوازدانەرانی باشووری کوردستانیش هاوکاریان لەگەڵدا کردووە، هەروەها هەندێک لە تێکستەکانیش لە هۆنراوەکانی 'کامەران سندی و جەبار حەبیب و سەرکەوت رەسول' وەرگریاون، یەکێک لە گۆرانیەکان کە باس لە توندوتیژی دژ بە ژنان دەکات بەدوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەند خاتوو مەلەک رۆژهات بەرهەم هێنراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە بڵند ئیبراهیم ساڵی ١٩٧٧ لە شاری دهۆک لە بنەماڵەیەکی شنگالی لە دایک بووە، ساڵی ١٩٩٧ بەشی مۆزیکی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواو دەکات، زۆر بەخێرایی خۆی بە هەوادارانی هونەرو مۆزیکی کوردی ناساندووەو لایەنگرێکی زۆری بۆ خۆی و هونەرەکەی پەیدا کردووە.

## نووسەرێکی ئوستورالی خەڵاتی وێژەیی زارۆکان دەباتەوە

**سۆنیا هارتنت** چیرۆکنووسی ئوستورالیا خەڵاتی وێژەی زارۆکان وەدەست دێنێ و پێنج ملیۆن کرۆنی سویدی دەباتەوە.

جەژنوارەی خەڵاتی **ئاستریت لیندگرێن** کە لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید بۆ بەخشینی خەڵاتی نووسەرانی وێژەی زارۆکان بەرێوەدەچێ، ئەمساڵ لە ١٤-٣-٢٠٠٨ بەرێوەچوو، داوەرانی جەژنوارەکە لەنێو دەیان نووسەری کاندیدکراودا سۆنیا هارتنت، نووسەری ئوستورالیایان بە لەپێشترین نووسەر بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە دەست نیشان کرد.

وتەبێژی داوەرانی جەژنوارەکە رایگەیاندووە کە : سۆنیا لەسەر ئاستی جیهانی دا هێزێکی یەکجار گەورەی وێژەی نەوجەوانانە، داهێنەرەو هەمیشە وتەی نوێی بۆ گوتن پێیە، لەنێو بەرهەمەکانیدا شێوەیەکی واقیعبینانە هەیە، توانای بەرهەمهێنانی چیرۆک و رۆمانی لە بواری وێژەی منداڵان دا هەیە، بەوهۆیەشەوە شیاوی ئەوەیە خەڵاتی ئەم جەژنوارەیە وەربگرێ.

سۆنیا هارتنت ساڵی ١٩٦٨ لە شاری مەلبۆرنی ئوستورالیا هاتۆتە ژیانەوە، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی بە نووسینی چیرۆکی منداڵان کردووە، تا ئێستا هەژدە رۆمانی بۆ منداڵان و نەوجەوانان و گەوران نووسیوە، ئەو خۆشی حەز دەکات کە خوێنەر نەزانێ بۆ کام تەمەن دەنووسێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان بڕیاروایە ٢٨ی ئەم مانگە لە رێورەسمێکی شکۆداردا شازادەی سوید خاتوو **ڤیکتۆریا** کچە گەورەی پاشای سوید خەڵاتەکە بە سۆنیا ببەخشێ.

جێگەی ئاماژەیە کە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ رێزگرتن و یادکردنەوەی نووسەری ناوداری سویدی ئاستریت لیندگرێن، دەوڵەتی سوید بڕیاری دا کە ساڵانە خەڵاتی وێژەی منداڵان لەسەر ناوی ئاستریت لیندگرێن بە نووسەرێکی بواری وێژەی منداڵان ببەخشرێ و هەموو ساڵێک جەژنوارەیەکی تایبەت پێکبهێنرێ و یەکێک لە نووسەرانی وێژەی زارۆکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە دەست نیشان بکرێ و دواتریش لە رێورەسمێکی شکۆداردا خەڵاتە رادەستی براوە بکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ساڵانە لە بوارە جیاجیاکانی داهێناندا خەڵات بە نووسەران و زانایانی جیهان دەبەخشێ.

## بەهاواری مێردەکەی لە مەرگ ڕزگاری دەبێ



لە وڵاتی بەریتانیا، ژنێک بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ژێر چاودێری دوکتۆر بوو، هەموو هەوڵی دوکتۆرەکان بێ ئاکام بوو، بەڵام بەهۆی موعیجیزەیەک ئەو ژنە لەمەرگ ڕزگاری بوو، بە هۆش خۆی هاتەوە.

**ئەیونە سولیوانی** تەمەن ٢٨ ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەی دومینیک سولیوانی ٣٧ ساڵ کە شۆفیری لۆری بوو، بۆ مانگی هەنگوین چوونە قبرس، ئەیونە لە ساڵی ٢٠٠٦ منداڵی بوو، بەڵام کۆرپەکەی کە کوڕێکی چاوگەش بوو، نەخۆشی خوێنی بوو و لە ئاکامدا منداڵەکەیان مرد.

ئەیونە بەهۆی مردنی کوڕەکەی تووشی نەخۆشی بوو و هەموو ئەندامەکانی لەشی لەجولهکەوتن.لەو کاتەدا کە دوکتۆرەکان بەتەواوی لە ڕزگار کردنی ئەیونە نائومێد بوون، دومینیکی هاوسەری دەستی ئەیونەی گرت و بە گریان هاواری دەکرد:" ئێستا کاتی شەڕ کردنە، هەموو کارەکان بە من مەسپێرە، من لەوە زیاتر ناتوانم کارێک بکەم، چاوەکانت بکەوە و هەناسە بکێشە.دووبارە بەرەوە بەهاوسەرەکەی جارانم."

پاش وتەکانی دومینیک موعجیزەیەک ڕوویدا و پاش ٢ کاتژمێر، ئەیونە هاتەوە سەرخۆ و هەناسەی کێشا و پاش چەند ڕۆژ لەنەخۆشخانە هاتەدەرەوە.کاتێک پرسیاری ئەو کاتەی لێکرا، ووتی:" باش لە یادم نییە کە هاوسەرەکەم چی دەوت، بەڵام لە هاوار و گریانەکەی زۆر دڵگران بووم، بەهاوارەکانی ئەو واهەستم دەکرد کە جوڵەیەک هەموو لەشی گرتووم و لوشم بۆ جارێکی تر کەوتەوە جوڵە."

ئەیونە لە دوا وتەیدا دەڵێت:" هیوادارم ئەو موعجیزەی کە بۆ من ڕوویدا بۆ نەخۆشەکانی تریش ڕووبدات."

## تارا رەسول کلیپێکی نوێ بەرهەم دێنێ



**دوو هەفتەیە** ناونیشانی کلیپێکی نوێی هونەرمەند 'تارا ڕەسوول'ە کە رۆژی ١٢ی ئەم مانگە لە شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سوید دا بەرهەم هێنراوە.

ماڵپەڕی **چرا تی ڤی** بڵاوی کردۆتەوە کە دەرهێنەری بەتوان کاک هەردی عومەر وێنەی لێهەڵگرتۆتەوەو دەریهێناوە، تێکستەکەی لە هۆنراوەی حەمەسەعید حەسەن وەرگیراوە، میلۆدی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر و میوزیکی عەبدوڵا جەمال سەرگرمەیە.

ئەم کلیپە بەهاوکاری چەند دڵسۆزێکی هونەری کوردی بەرهەم هێنراوەو بڕیاروایە لە کەناڵی کوردسات و کەناڵەکانی تر پێشان بدرێت. هەروەها چرا تی ڤی بەڵێنی داوە کە دەستپێشخەری بکات و پێشانی بینەرانی بدات .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com